# ڕەخنەگرتنی بیرمەندە پۆستکۆلۆنیالیستەکان لە ئیرۆسێنتریزم و تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریزمیانە بۆ مێژوو

م. ی. ڕەوەز محمود ڕەسول

زانکۆی ڕاپەڕین
فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

**پوختە**

ئایدیای ئیرۆسێنتریزم کە لە بنەڕەتدا تێڕوانینیکی ئەوروپیانەیە بۆ جیهانی دەرەوەی ئەوروپا. ئەو گۆرانکاریانەی کە ئەوروپا لە سەدەی پانزە و سەدەکانی دواتر بەخۆیەوە بینی، کاریگەری کردە سەر بیرکردنەوەی ئەوروپیەکان، ئیرۆسێنتریزمی بەرهەم هێنا، کە بەرهەمی هیز و دەسەڵاتی ئەوروپیەکانە بەسەر گەلانی تری جیهاندا. ئەورپەیەکان لە دوای دەستپێکردنی پرۆسەی کۆلۆنیالیزم و سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و ئابووریەکانییان بەسەر گەلانی داگیرکراودا، مەعریفیەکی نوێیان بۆ خۆیان داهێنا کە ئامانج لێی پێناسەکردنی گەلانی دەرەوەی کەلتوری رۆژئاوا بوو، هاوکات پرۆسەیەکیش بوو بۆ خودناسی. ئەم مەعریفەیە جیهانی بەسەر دوو جەمسەری شارستانیدا دابەشکرد، ئەوروپا وەک جەمسەر و ناوەندی بەرهەمێنەری مەعریفەی مرۆی کە خاوەن بەهایەکی گەردوونیە، جەمسەری تەواوی جیهان کە خاڵییە لە مەعریفە و شارستانیەت. دابەشکردنی جیهان بەسەر دوو جەمسەردا و کردنی ئەوروپا بە ناوەند و سەنتەری بیرکردنەوە و مەعریفە، سەریکێشا بۆ دروستکردنی جیاکاری ڕەگەزی و مەعریفی لە دیدی ئەوروپیەکاندا، هەستێکی ڕەگەزپەرستانەی لای ئەوروپییەکان دروستکرد، کە دواجار ڕەنگدانەوەی لەسەر وێناکردنی گەلانی دەرەوەی ئەوروپا دانا، وێناکردنی نالۆژیکی و خاڵی لە بنەمای زانستی، کە کاریگەی لەسەر زۆربەی جومگەکانی کۆمەڵگاکانی دەرەوەی ئەوروپا داناوە، وێناکردنێکی هەڵەو دوور لە واقعی لە رووی مێژووی و شارستانیی و ڕەگەزییەوە بۆ گەلانی نا ئەوروپی کێشا. خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ مێژووی گەلانی دەرەوەی ئەو چوارچێوەی جوگرافیە دیاریکراوە کرد، کە ئیرۆسێنتریزم کێشابووی.

ئەم وێناکردنە کاریگەی لەسەر بەشێک لە بیرمەندانی نا ئەوروپی هەبوو، کە بە بیرمەندانی پۆستکۆلۆنیاڵی ناسراون، ئەوان بەتوندی ڕەخنەیان لە مەعریفەیەی ئیرۆسێنتریزم گرت. بەرهەمەکانیان وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ مەعریفەی رۆژئاواییەکان. ئەو تێڕوانینانەی بۆ مێژووی گەلانی داگیرکراوە هەیان بووە. هەریەکە لە (فرانتز فانۆنFrantz Fanon) ، (ئێدوارد سەعید Edward Said)، و نوسەرانی تری سەبێڵتەرێنیان، ئەوان هەریەکێک لەم بیرمەندانە لەبوارێکدا کاریان کردووە بۆ تەحەدی کردنی ئیرۆسێنتریزم، بۆنمونە، فرانتز فانۆن ڕەگەز دەکاتە بابەتی سەرەکی خۆی بۆ دژایەتی کردنی ئیرۆسێنتریزم، لە کاتێکدا هەرچی (ئێدوارد سەعید)ە رۆژهەڵاتناسی دەکاتە بابەتی سەرەکی بۆ

ڕەخنەگرتن لە ئیرۆسێنتریزم ڕاڤەکردنی، نوسەرەرانی تری سەبێڵتەرێنیان جێکەوتەکانی ئیمپریالیزم و مێژووی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەکەنە بابەتی لێکۆلینەوەکانیان بۆ ڕەخەکردنی ئیرۆسێنتریزم.
ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دووباس پێکهاتووە لەباسی یەکەمدا هەوڵماندراوە ئیرۆسێنتریزم پێناسە بکەین و ئایدیا و بنەماکانی بخەینەروو. لە باسی دووەمدا گرنگترین ئەو ڕەخنانەی کە بیرمەندانی پۆستکۆلۆنیالیستی لە ئیرۆسێنتریزم تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریانە بۆ گەلانی دەرەوەی ئەوروپا دەخینەروو.

## پێشەکی

ئەو گۆرانکاریانەی کە کە لە سەدەی پانزە بە دواوە جیهانی گرتەوە، کە بە سەردەمی دۆزینەوە جوگرافیەکان و ئاشکراکردنی نهێنیەکانی پارچەکانی تری گۆی زەوی لەلایەن ئەوروپیەکانەو دادەنرێت، هاوکات سەرەتای فراوانخوازی ئەوروپیەکانیشبوو بۆ زۆربەی ناوچەکانی دەرەوەی ئەوروپا، کە دواتر بوە هۆی سەرهەڵدانی پرۆسەی کۆلۆنیالیزم و داگیرکردنی گەلانی تری کیشوەرەکانی تری جیهان.[1] پرۆسەی داگیرکاری کاریگەری گەورەی لەسەر گۆرانی بیرکردنەوەی ئەوروپیەکان هەبوو، لە شێوازی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی دەرەوەی خۆیان واتە جیهانی دەرەوەی ئەوروپا. بەشێک لە ئەوروپیەکان لە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆیان بەسەر گەلانی داگیرکراودا، ئەوروپا وەک ناوەندێکی بەرهەمهێنانی مەعریفە دەناسێن و دەیکەن بە سەرچاوەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی وڵاتان و گەلانی تری جیهان. لە دوای شۆرشی پیشەسازی و پێشکەوتنە بەرفراوان و هەمەچەشنەکانی ئەوروپا، ئەم جۆر لە بیرکردنەوە بەرامبەر بەگەلانی داگیرکراوی جیهانی دەرەوەی ئەوروپا زۆر توندتر و بەهێزربوو. ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە و دونیا بینیە بە ئیرسێنتریزم[2] ناسراوە.
ئیرۆسێنتریزم و بیرکردنەوەی ئیرۆسێنتریانەی ئەوروپیەکان لەلایەن بیرمەندانەوە بەتایبەت بیرمەندە پۆستکۆلۆنیالیستەکان[3] ڕووبەرووی ڕەخنە بۆوە، ئەوان بە جدی کاریان لەسەر ڕەخنەکرد و وەڵامدانەوەی ئایدیای ئیرۆسێنتریکیەکان کرد. لە نێو ڕەخنەگرەکانیشدا تەنانەت بەشێک لە بیرمەندانی مارکسی ناسیۆنالیستەکانیش هەبوون، بەڵام گرفتی ئەوان لە ڕەخنەکردنی ئیرۆسێنتریزم ئەوەبوو کە

١ S. Gunn, History and Cultural Theory (Harlow, ٢٠٠٦), p. ١٥٨.

٢لەم توێژیەنەوەیەدا ئێمە چەمکی ئیرۆسێنتریزم ( Eurocentrism) وەکو خۆی بەکار دەهێنینەوە بەبێ گۆرانکاری تێداکردنی و وەرگێرانی بۆ زمانی کوردی یان بەکارهێنانی ئەو چەمک و دەستەواژە هاومانایانەی کە لەلایەن هەندێک لە نوسەر و توێژەری کورد و عەرەبەوە بەکارهێنراون. لەزمانی عەرەبیدا ئیرۆسێنتریزم بە تێگەیشتنەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی دەستەواژەی (المركزية الاوروبية)ی بۆ بەکارهاتووە. لە زمانی کوردیدا ئەگەرچی بەشێوەیەکی بەربڵاو کاری لەسەری نەکراوە، لەبەرئەوە لەژێر کاریگەری عەربیەکەیدا دەستەواژەی سێنترالیزمی ئەورپی بۆ ئیرۆسێنتریزم بەکارهاتووە. لەبەرئەوەی باوەرمان وایە بەم شێوەیە چەمکەکە وەک خۆی باشتر مانا دەدات، ئەم چەمکەش لە زۆربەی ناوەندە ئەکادیمیەکاندا لەزۆربەی زمانە جیاوازەکان هەربەم جۆرە بەکاردێت. (توێژەر). بۆ زانیاری زیاتر بروانە: حسن حنفي، مقدمة في علم الإستغراب، دار الفنية للنشر و التوزيع، القاهرة،١٩٩١، ص ٣٦؛جەیمس مۆریس بڵاوت، مۆدێلی کۆلۆنیالیستی جیهانی، و. دلێر میرزا، دەزگای رۆشنبیر جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٤.

٣پۆستکۆلۆنیالیستەکان (Postcolonialists) بەو گروپە لە توێژەران دەوترێت کە توێژینەوە دەکەن لەسەر ئیادۆلۆژیای ئیرمپریالیزم کاریگەری داگیرکاری و لێکەوتەکانی لەسەر گەلانی داگیرکراو، لەسەرجەم بوارەکانیدا، توێژینەوە ئایدیاکانیا بە پۆستکۆلۆنیالیزم ناسراون. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: G. Bolaffi, R. Bracalenti, P. Braham, and S. Gindro (eds) , Dictionary of the Race, Ethnicity and Culture (London, ٢٠٠٣), p.٢٢٢-٢٢٦

بنەما ئایدۆلۆژیەکانی ئەو گروپانە خاڵی نەبوو لە ڕەگەزەکانی ئیرۆرسێنتریزم، خۆیان بەشێک لە ئایدیا و تێڕوانینەکانی ئیرۆسێنتریزمیان پراکتیزەدەکرد.[٤] بەهۆی ئەوەی کە ئایدیۆلۆژیای ئیرۆسێنتریزم ئاراستەیەک بوو ڕووەو گەلانی نا ئەوروپی، بەم هۆیەوە هەندێک لە نوسەرانی پۆستکۆلۆنیالیستی دەستیانکرد بە ڕەخنەگرتن لە تیۆرەی ئیرۆسێنتریزم و وەڵامدانەوەی بانگەشەو بیرکردنەوەکانیان، لەبەرئەوە تێڕوانینەکاننیا و بنەما هرزی و ئایدۆلژیەکانیان بە توندی لەلایەن تیۆرداریژەران و بیرمەندانی پۆستکۆلۆنیالیستەکانەوە بەتوندی ڕەخنەی لێگیرا.[٥]

**میتۆدی توێژنەوەکە:** لەم توێژنیەوەیەدا هەوڵدەدەین کە میتۆدی ڕاڤەکاری بەکاربهێنن بۆ ڕاڤەکردنی ئەو ڕەخنانەی کە لەلایەن بیرمەندە پۆستکۆلۆنیالیستەکانەوە لە تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریکیانەی ڕۆژئاوا بۆ مێژوو گیراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** بۆ تێگەیشتن لە ئیرۆسێنتریزم وەک بەشێک لە دونیابینی ڕۆژئاوایی، پێوستە ئاشنای تێگەیشتنی بیرمەندە پۆستکۆلۆنیالیەکان و ئەو پاشخانە مەعریفیەی ببین کە ئیرۆسێنتریزم جێیهێشتووە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ئاشنامان دەکات بە چەمکی ئرۆسێنتریزم و تێگەیشتنی پۆستکۆلۆنیالیستەکان بۆ ئیرۆسێنتریزم و ئەو ڕەخنانەی ئەوان لە ئیرۆسێنتریزم و تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریزمیانەی مێژوویان گرتووە.

ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو باسدا دابەش کراوە، لە باسی یەکەمدا هەوڵ دەدەین پێناسەی ئیرۆسێنتریزم بکەین و چەمکی ئیرۆسێنتریزم شیبکەینەوە، پاشان باسی ئایدیای ئیرۆسێنتریزم لەلای ئەوروپیەکان دەکەین. دواتر ڕاڤەی ئایدیای ئیرۆسێنتریزم دەکەین و تێڕوانینی ئەوروپیەکان بۆ مێژووی لە دیدگای ئیرۆسێنتریزمەوە دەخەینەڕوو. لە باسی دووەمدا، باسی بەشێک لە بیرمەندە پۆستکۆلۆنیاڵی دەکەین، هەوڵی خستنەڕووی ئەو ڕەخنانەدەدەین کە ئاراستەی هزری ئیرۆسێنتریزم و تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریکیانەی مێژوویان کردووە، تیایدا بیروباوەڕی هەندێکیان دەخەینەڕوو، سەرتا ڕەخنەکانی فرانتز فانۆن دەخەینەڕوو، پاشان تێڕوانینەکانی (ئێدوارد سەعید) لە بارەی ئیرۆسێنتریزمەوە دەخەینەڕوو، لە کۆتایدا ڕەخنەکانی بەشێک لە بیرمەندانی گروپی توێژینەوەکانی شوێنکەوت (سەبێڵتەرێنیان[٦](SSG) دەخەینەڕوو.

---

٤ G. Prakash, 'Subaltern Studies as postcolonial criticism', in Catherin Hall (ed.), Culture of Empire a reader: Colonizers in Britain and the empire in the nineteenth and twentieth centuries (Manchester, ٢٠٠٠), p. ١٢٠.

٥ Bolaffi et al., Dictionary of the Race, p. ١٠٩.

٦ گروپی لێکۆڵینەوەی سەبێڵتەرێنیان(شوێنکەوتە، دراسات التابع)، (The Subaltern Studies Group (SSG) لە کۆمەڵێک نوسەر و توێژەری باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەتایبەت هیندستان پێکهاتوون، ئەوان لە ژێر کاریگەری مێژوونوسانی مارکسیدان، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەرکەوتوون، بایەخ بە مێژووی پۆستکۆلۆنیاڵی و لێکەوتەکانی کۆلۆنیالیزم دەدەن لەسەر باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بەتایبەتی کار لەسەر نوسینەوەی مێژووی ئەوە گروپانەی کە لە کۆمەڵگادا پشگوێخرابوون یان ڕۆڵیان لەبەرچاو نەگیراوە، بەتایبەت هەژاران و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵدا، هەروەها کار لەسەر مێژووی کۆمەڵگای هیندی و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەکەن، لەچوارچێوەی کارکردن لەسەر مێژووی نوسراوی گەلانی داگیرکراو لە تێڕوانینی نوسەرە ڕۆژئاواییەکان کە نوسینەکانیان لە دیدگایەکی زاڵی کۆلۆنیالیی ئیرۆسێنتریزمیانەدا نوسراونەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

D. Chakrabarty, Habitations of Modernity, Essays in the Wake of Subaltern Studies, (Chicago, ٢٠١٢);R. Guha, and G.C. Spivak ,(eds), Selected Subaltern Studies (New York, ١٩٨٨).)

## باسی یەکەم

## ئیرۆسێنتریزم و تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریزمیانە بۆ مێژوو

چەمکی ئیرۆسێنتریزم (Eurocentrism) کە لە بنەرەتدا لە لێکدانی وشەکانی Europe و Centrism وە هاتووە، ئەوروپا ناوەندێکی جوگرافییە و سنورێکی جوگرافی دیاریکراومان بۆ پێناسە دەکات، ئەگەرچی لە چوارچێوەی ئیرۆسێنتریزمدا ئەم جوگرافیایەیش فراوانبووە. جوگرافیای ئیرۆسێنتریزم کاری لەگەل جوگرافیای وەک سنورێکی دیاریکراو نەکردووە، بەڵکو فراوانتر بووە بۆ ئەو جێگایانەی کە بەهاکانی ئەوروپا تیایدا باڵا دەستبووە و کاری پێکراوە، یان بەواتایەکی تر لە کوێدا مرۆڤی سپی حوکمی کردبێت یان کەلتورو بەها شارستانیەتیەکانی ڕۆژئاوا باڵادەستبوبێت، ئەوێ سنوری جوگرافیای ئەوروپیەکان بووە، هەر لەبەرئەوە دەبینین ئەم سنورە جوگرافیەش فراوان بووە، بۆ باکوری ئەمریکا و ئوستورالیا، هەندێک کاتیش باشوری ئەفریقا و یابانیش خراوەتە ئەو چوارجێویەوە[٧]، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەمە کێشە بۆ چەمکەکە دروستدەکات و جۆرێک لە بەریەککەوتن لەگەل پێناسەکەیدا دەخولقێنێت. هەرچی سێنتریزمە تێراونینێکی فکری سیاسییەی بۆ ئەو کۆمەڵە و گروپانە بەکاردەهێنرێت کە خاوەنی ئایدۆلۆژیەکن کە تێراونییێکی جیاوازیان هەیە لە چەپرە و راسترەوەکان و بە سێنترالیستەکان ناسراون.[٨] بەلێکدانی ئەم دوو دەستەواژەیە چەمکی ئیرۆسێنتریزم دروستدەبێت، کە بۆیەکەمین جار لە ساڵی ١٩٧٠ لەلایەن نوسەری میسری (سەمیر ئەمین Samir Amin)ەوە بەکارهاتووە، وەک دەستەواژەیەک بۆ شیکردنەوە و پێناسەکردنی هەژمونی ئەوروپا و دونیابینی ئەوروپیەکان بۆ جیهانی دەرەوەی خۆیان و شیکردنەوەی ئەو رەوتە فکرییەی کە هەوڵدەدات لە دیدێکی ئەوروپیانەوە راڤە بۆ مێژووی رووداوەکانی دەرەوەی ئەوروپا بکات.[٩] پێش (سەمیر ئەمین) چەمک و دەستەواژەیەکی جیاوازتر بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی هەژمونگەرای ئەوروپیەکان بەسەر گەلانی نائەوروپیدا، کە ئەویش چەمکی Europe-centric بووە، ئەم چەمکە لە ساڵی ١٩٢٠ دا لەلایەن نوسەری راسترەوەی ئەڵمانی (کارل هاوسهۆفەر Karl Haushofer )ەوە بەکارهێنراوە.[١٠] بەڵام ئیرۆسێنتریزم دەستەواژەی زاڵە و زیاتر بەکاردەهێنرێت لەلایەن ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکاندا.

ئیرۆسێنتریزم واتە بەسەرنتەرکردنی ئەوروپا بۆ خوێندنەوەی دونیای دەرەوەی ئەوروپا، لەسەرجەم کایە جیاوازەکاندا وەک: ئایین، نەژاد، کەلتوور، ئەدەب و ئابووری و مێژوو و شارستانی. ئەم رەگەزانەی کە کۆمەڵگاکانی ئەوروپا هەیەتی دەبنە بنەمایەک بۆ تێگەیشتنی ئەوروپیەکان بۆ دونیای دەرەوەی خۆیان، کە لە تێروانینیاندا ئەم بنەمایانە لە بنەرەتدا بەهایەکی گەردونیان هەیە.[١١]

---

٧ P. Titus, ‘From Eurocentrism to Hybridity or from Singularity to Plurality’, Central Europe and The English-Speaking World at Partium Christian University (٢٠٠٧) (www.theroundtable.ro)., P.١.

٨بروانە: Centrism [accessed ١/١٠/٢٠١٥] http://www.thefreedictionary.com/centrism

٩ S. Amin, Eurocentrism: Modernity, Religion and Democracy, trans. Russel Moore and James Membrez, (New York, ٢٠٠٩), p. ٢٦.

١٠ بـــراوانە: Project Gutenberg Self-Publishing Press, Euro-Centric, http://www.gutenberg.us/articles/Euro-centric [accessed on ١/١٠/٢٠١٥]

١١ G. Bolaffi, R. Bracalenti, P. Braham, and S. Gindro (eds) , Dictionary of the Race, Ethnicity and Culture (London, ٢٠٠٣), p. ١٠٧; J. M. Lopes, ‘Re Reading Frantz Fanon, Language,

بیرکردنەوەی ئیرۆسێنتریانە وای لە ئەوروپیەکان کرد کە دونیابینیان بۆ دەرەوەی خۆیان تەنها لە چوارەچێوەی یەک تاکە کەلتوور و شارستانیەتەوە قەتیسبکەن، ئەمەش ئەوەمان نیشاندەدات کە لە دیدگای بەشێکی ئەوروپیەکانەوە بنەماکانی شارەستانیەتی ئەوروپی سەنتەر و ناوەندی مەعریفەیی و بیرکردنەوەن لە تەواوی جیهان.[12] ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەیە ئەوروپیاکانی بەرەو جۆرێک لە لەخۆباییبوون برد، بە جۆریک ئەوروپیەکان خۆیان دابنێن بە کەسانی، سپی پێستی خاوەنی شارەستانی، پێشکەوتو، عەقڵانی و گەشەکردوو و سیفەت پیاوانە. لە بەرامبەردا تێروانییان بەرامبەر بە دەروەی خۆیان و تەواوی دونیای دەرەوەی ئەوروپا و گەلانی نا ئەوروپی بەتەواوی پێچەوانە بوو. لە تێروانینی ئەواندا گەلانی دەرەوەی ئەوروپا گەلانێکی رەگەز رەشپێست یان رەنگاورەنگی ناشارستانی، بەربەر و دواکەوتون، نا عەقلانین، لەبەرمبەردا سۆز بەسەریاندا زاڵە.[13] بەم شیوەیە دەبین ئەوان جیهانیان دابەشکرد بەسەر دوبەشی رەش و سپیدا، جیهانی جوانیەکان و پێشکەوتن و عەقڵانیەت و مرۆڤی باڵای خاوەن شارستانی، لەبەرامبەردا جیهانی ناشیرنیەکان و دواکەوتویی و مرۆڤە ناعەقڵانیەکان کە خاوەنی هیچ شارستانیەتێکنین. واتە دونیا دابەشکرا بۆ رۆژئاواو تەواوی جیهان.[14] لەتێروانینی ئەواندا کەلتورو بەهاکانی رۆژئاوا سورشتێکی هەژمونیان هەیە کە دەتوانرێت و پێویستە لە رێگەی کۆلۆنیالیزمەوە بەتەواوی دونیادا بڵاوبکرێتەوە. لەبەرئەوە دەبینین ئەوروپیەکان هەمیشە لەوباوەردا بوون کە ئەوە ئەرک و بەرپرسیاریەتی ئەوانە کە بەهاکانی شارستانیەتی ئەوروپا لە رێگەی گەیاندنی شارستانیەت و گەشەپێدان ناوچەکانی جیهانەوە بڵاو بکەنەوە و بە تەواوی مرۆڤایەتی بیگەیەنن، هەروەها پێویستە گەلانی دونیا لە بەربەریەت و دواکەوتووی رزگاربکەن و بە شارستانیەت و ئازادی و یەکسانی ئاشنایان بکەن.[15]

دەتوانین بڵێین ئیرۆسێنتریزم چەمکێکە بەکارهاتووە بۆ سەرجەم ئەو ئایدیانەی یان ئەو باوەرانەی کە ئاماژەن بۆ سەروەریەتی ئەوروپیەکان بەسەر نا ئەوروپیەکاندا لە رابردوو و لە داهاتوشدا. کەواتە ئیرۆسێنتریزم کۆمەڵێک بیروباوەرە کە حەقیقەتێکی ئەزمونی لە پشتیەتی یاخود بیروباورێکی لایەندارانەی فێرکراوی رۆژئاوایە، وەک راستیەک یان بیروباورێک قبوڵیانکردووە کە پشتی بە فاکت و حەقیقەت بەستووە.[16] زۆر جاریش کە پێناسەی ئیرۆسێنتریزم دەکرێت راستەوخۆ دەبەسترێتەوەبە مۆدێرنیزمی ئەوروپی و ئیرۆسێنتریزم یەکسان دەکرێت بە مۆدێرنیزمەوە.[17] واتا تەواوی بەرهەمی مەعریفی رۆژئاوا دەچێتە چوارچێوەی ئیرۆسێنتریزمە. کەواتە ئیرۆسێنتریزم بریتیە لە کۆمەڵێک بنەما و کۆنسێپت و هۆشیاری و بیروبۆچون کە ئەوروپا بە مانایەکی تر رۆژئاوا دەکاتە سەنتەری بیرکردنەوە و پێناسەکردنی جیهانی دەرەوەی ئەوروپا، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بەهای

Violence, and Eurocentrism in the Characterization of Our Time', the Sociology of Self Knowledge, V, Special Double Issue, (٢٠٠٧), p. ٥٥.

١٢Bolaffi et al., Dictionary of the Race, p. ١٠٧.

١٣ Ibid., p. ٢٢٣.

١٤ Ibid., p. ١٠٧.

١٥ Ibid., p. ١٠٨.

١٦ J. M. Blant, The Colonizer's Model of the World, Geographical diffusionism and Eurocentric History. (New York, ١٩٩٣), pp. ٨–٩.

١٧ R. K. Kanth, Against Eurocentrism: A Transcendent Critique of Modernist Science, Society, and Morals, (New York, ٢٠٠٥), p. ٤٣.

کەلتوری و شارستانین کە لە تێرانینی ڕۆژئاواییەکان ئەم بەهایانە، بەهای پاکی ڕۆژئاوایین، کە دواجار دەبنە بەهای بەرزی جیهانی و مرۆڤایەتی. هەر کەسێک لە دەرەوەی ئەم بەهایانە بێت، واتا لە دەرەوی شارستانیەتە. تەنانەت لە هەندیک حاڵەتدا دەگاتە ئاستێک کە هەر کەلتور وشارستانیەتیەک لە دەرەوەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا، ڕەت دەکرێتەوە و دانی پێدا نانرێت.[١٨]

بەتێگەیشتن لە تێروانینی باڵاخوازی و ئەوروپیەکان و دانانی بەهاکانی ئەوروپا وەک بەهای گەردونی، کاریگەری لەسەر خوێندنەوە و تێگەیشتنیان بۆ مێژوو هەبوو، لە دوای دەرچونی ڕاڤەی مێژوو لە هێزە سەرو سروشتیەکان و گەرانەوەی بۆ ژێرسایەی ڕاڤەمرۆییەکان، ڕاڤەی ئەوروپیەکان بۆ مێژوو، کەوتە ژێر باری چەندین ڕاڤەی جیاواز جیاواز و قوتابخانەی مێژوویی جیاوازەوە، یەکێکیش لەو ڕاڤانە، ڕاڤەی ئیرۆسێنتریانەیە بۆ مێژوو.[١٩] ئەوان باوەریان وابوو کە مێژووی ئەوروپا سروشتێکی گەردونی هەیە، مێژوو تەنها مێژووی ئەوروپایە، لەبەرئەوە باوەریان وابوو کە سەرجەمی مێژووی جیهان تەنها دووبارە کردنەوەی مێژووی ئەوروپایە.[٢٠] ئەورپاش سەنتەری مێژووە و ئەوروپیەکانیش پێشەنگی مێژوون و دروستکەری مێژوون، وەک مێژوویەکی یەکگرتوو و نەگۆر. نمونەش بۆ ئەم پێشەنگیە شۆرشی پیشەسازی و مۆدێرنێتە و سیستەمی دیموکراسییە.[٢١] واتە ئەوروپیەکان گۆرانکاریە فکری و ئابووریەکانی خۆیان کە لەچەندی شۆرشدا خۆی فۆرمەلە کردووە و کاریگەری لەسەر زۆربەی ناوچەکانی جیهان هەبووە، بە وابەستە بوونی جیهان بە مێژووی ئەوروپاوە دەبینن، کەواتە مێژووی گەلانی دەروەی ئەوروپا لە روی گەشە و گۆرانکاریەوە هیچ شتێک نیە جگە لە دوبارەکردنەوە مێژووی ئەوروپا، بێگومان ئەم تێزە بۆ گۆرانکاریەکانی مێژووی شارستانیە کۆنەکانی ئەوروپا و کاریگەری بەسەر ڕۆژهەڵاتدا ڕاست دەردەچێت. بەڵام کێشەی ئەم تێروانیەنە لەوەدایە ئەوروپیەکان تەوای شارستانیەتەکانی تری دەروەی ئەوروپا و کاریگەریان لەسەر ئەوروپا نادیدە دەگرن و بێ کاریگەری دەبینن.

لە دیدی ئیرۆسێنتریانەی ئەوروپیەکاندا ئەوروپا لانکەی لەدایک بوونی شارستانیەتی باڵای مرۆڤە، ئەم تایبەتمەندیەشی هەر لە منداڵدانی ئەوروپا و ئەورپیەکانەوە لەدایک بووە، کاریگەری هیچ کەلتور و شارستانیەتییەکی تری لەسەر نییە، جوڵەی مێژوو لەلایەن ئەوروپیەکانەوە کراوە، هەرخۆیان داهێنەری مێژوو بوون. گەلانی تر بەشدارنەبوون لە بەدیهێنان و گەشەپێدانی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا. واتە لەدیدی ئەوروپیەکاندا سەرجەم شارستانیەکانیی تری مرۆڤایەتی هیچ کاریگەریەکیان لەسەر شارستانیەتی ئەوروپیەکان نەبووە و بەڵکو بەهاکانی ئەوروپا زادەی ژینگەو و جوگرافیا و پاشخانی مەعریفی و شارستانی مرۆڤەکانی ئەوروپان. لە دیدگای ئیرۆسێنتریانەدا ئەوروپا ناوەندی بەرهەمهێنەری مەعریفە و جوڵێنەری مێژووە، ئەوروپا هەمیشە پێشدەکەوێت و داهێناندەکات بەڵام جیهانی دەرەوەی ئەوروپا جیهانێکی وەستاوی پاشکۆ و لاسایکەرەوەی ئەوروپا کە ناوەندە.[٢٢] هەتا لە دیدی ئەواندا زانست و شارستانیەت و مەدەنیەت لە شارستانیەتی یۆنانی و پاشان بۆ شارستانیەتی رۆمانی دەست پێدەکان، پاشان لە سەدەکانی ناوەراستدا بۆ ماوەیەک دەوەستێت و دواتر لە سەردەمی

١٨ Titus, ‘From Eurocentrism to Hybridity’, P.١.

١٩ Amin, Eurocentrism, p. ١٤.

٢٠ M. Hardt, ‘The Eurocentrism of history’, Postcolonial Studies, ٤, no. ٢, (٢٠٠١), p. ٢٤٣.

٢١ Gunn, History and Cultural, p. ١٥٧.

٢٢ Blant, The Colonizer’s Model of the World, pp. ٩-٢١.

ڕێنسانس دەستپێدەکاتەوە و دەگات بە ئێستا.[23] هەتا لە ڕووی فکر و فەلسەفەشەوە مێژووی فەلسەفەو و مێژوی هزری مرۆیی لە تالیس و ئەرەستۆ و دەست پێدەکات تا کانت و مارکس و فەیلەسوفانی هاوچەرخ. بەبێ گرنگیدا بە فکر و فەیلەسوفانی ڕۆژهەڵاتی وەک کۆنفۆشیۆسی و بودیزم.[24] ئەم جۆرە لە تێراوانین ئێمە دەگەیەنەتە ئەو باوەرەی کە ئەوروپییەکان تەواوی پاشخانی مەعریفی و شارستانی ئێمە نادیدە دەگرن و ڕۆژهەڵات خاڵی دەکەنەوە لە سادەترین شارستانیەتی و مێژووی ڕۆژهەڵات بێ بەها دەکەن. ڕۆژهەڵات دەخەنە دەرەوەی مێژوو، تاکی ڕۆژهەڵاتی لە بەهاکانی دادەماڵن.

لە تێراونینی ئەوروپییەکاندا، ئەو مێژووە بەرهەمی عەقڵییەتی ئەوروپییەکان کە خاوەن توانایەکی عەقڵی باڵان. ئەواند ئەوروپایان کردووەتە سەرنتەری بیرکردنەوەی و بەرهەم هێنانی فکری و هەوێنی بەرهەم هێنانی بیرکردنەوەیەوە لە بارەی کەلتور، شارستانی، ئایین، رەگەز، ئەدەب و ئابووری، هەر ئەمە وایکردووە ئەوان خۆیان وەک تاکی ئەروپی خاوەن شارستانیەتی باڵا، بە کەسی باڵا دابنێن و ئەوانی تر بە کەسانی پلەدوو و دابنێن.[25] کاریگەری ئیرۆسێنتریزم ئەو باوەرەی لای ئەروپییەکان دروستکردووەکە کە ئەوروپا و ئەوروپییەکان خاوەنی بەرزترین و باڵاترین سیفەتی مرۆڤدۆستین و شارستانیەتی ئەوروپی هەڵگری باشترین و پر بەهاترین بەهای کەلتوری و شارستانیە.[26] لە ڕووی ئایینەوە ئەوروپییەکان ئایینی مەسیحی زاڵ دەکەن بەسەر ئاینەکانی تردا و باوەریان وایە کە ئایینی مەسیحی لە بنەرەتدا هەڵگری رەگەزەکانی سەرمایەداریەوە و هەرلەسەرتاوە تۆوی سەرمایەداری هەڵگرتووە، بەڵام هەرچی ئاینەکانی تری ڕۆژهەڵاتە وەکو کۆنفۆشیۆسی ، هیندۆسی ، ئیسلام بۆ ئەوەی لەگەڵ رەگەزەکانی سەرمایەداریدا بگونجێن، پێویستە ریفورم لە خۆیاندابکەن.[27] تێراونین لە خود وەک خودێکی باڵای خاوەن شارەستانیەت ئەورپییەکانی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە جیهان دابەش بکەن بەسەر دوو رەنگدا، بەسەر جیهانی باشیەکان و جیهانی خراپیەکان، ئەمە وایکرد کە خۆیان بە سپی پێستی، مەسیحی، خاوەن شارەستانیەتی، عەقلانی، کامڵی پێشکەوتوو دابنێن، لە بەرامبەردا ئەوانی تر دانیشتوانی تەواوی جیهان لە دیدی ئەواندا، رەش یان رەنگاو رەنگن، بت پەرست و بەربەرن، نا تێگەیشتوون، عاتفین، ناعەقلانین.[28]

لە دیدی ئەوروپییەکان نا ئەوروپییەکان دوورن لە بەها شارەستانیەکانی رۆژئاوا، بۆ یە لە تێروانێنی ئەواندا، دانیشتوانی دەرەوەی ئەوروپا خاوەن شارستانیەتی نین. بۆیە پێویستە بە شارستانی بکرێن. ئەم پرۆسەی بە شارستانیکردنەش لەرێگای داگیرکارییەوە جێبەجێدەکرێت. واتا لێرەدا دوو رەوایەتی بەخۆیان دەدەن، یەکەم : رەوایەتی دان بۆ کۆنترۆڵکردن، دووەم: رەوایەتدان بە ناونانی کۆنرۆڵکرد بە کردەیەکی مرۆی و مرڤدۆسۆتی. چونکە ئەروپییەکان پەیامی شارستانی دەگەیینە گەلانی نا ئەوروپی، کەواتە لە دیدی ئەوروپیەکانەوە، بەئەرکی خۆیانی دەزانن ئەو پەیامە شارستانییەی هەیانە بیگەیەنە

---

٢٣ حسن حنفي، المصدر السابق، ص ٤٠-٤١.

٢٤ Titus, 'From Eurocentrism to Hybridity', P ٢.

٢٥ Bolaffi et al., Dictionary of the Race, p. ١٠٧; J. M. Lopes, 'Re Reading Frantz Fanon, Language, Violence, and Eurocentrism in the Characterization of Our Time', the Sociology of Self Knowledge, V, Special Double Issue, (٢٠٠٧), p. ٥٥.

٢٦ Titus, 'From Eurocentrism to Hybridity', P.١.

٢٧ Amin, Eurocentrism, p. ١٦٢.

٢٨ Bolaffi et al., Dictionary of the Race, p. ١٠٧; J. M. Lopes, 'Re Reading Frantz Fanon, p. ١٠٧.

وڵاتانی تری جیهان، تاکە ڕێگە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش، بە کۆلۆنیالکردنی جیهانە.[29] لێرەوە ڕەوایەتی دەدرێت بە گەلانی ئەوروپا، کە بەشداری بکەن لە داگیر کردنی دونیادا. ئەم دابەشکاریە ڕەگەزی و نالۆژیکیەی کە بۆ جیهانی ئەوروپا و دەرەوەی ئەوروپا کراوە، لەگەڵ خوێندنەوەی مێژوو لە دیدێکی چەقبەستوی ڕەگەزییەوە، کە ئەوروپا دەکاتە ناوەندی جوڵێنەری مێژوو، بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی ڕەخنەگرتنی هەندێک لە توێژەران و بیرمەندا، بەتایبەتیش بیرمەندانی پۆستکۆلۆنیاڵی کە ئێمە لە باسی دووەمدا تیشکی دەخەینەسەر.

## باسی دووەم

## ڕەخنەی پۆستکۆڵۆنیاڵیەکان لە تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریکیانەی رۆژئاوا بۆ مێژوو

ئیرۆسێنتریزم ڕووبەرووی چەندین ڕەخنە بۆتەوە لەلایەن بیرمەندە پۆستکۆڵۆنیاڵەکانەوە، کە خاوەنی ئەزمون و پاشخانێکی مەعریفی گەورەی ڕۆژئاوایی بوون. لەوانە (فانۆن)، (گایاتری سپیڤاک Gayatri Spivak)، (ئێدوارد سەعید)، هاوکات چەندین بیرمەندی تر کار لەسەر ئەو بابەتە دەکەن لە ئێستادا. بیرمەندان ئامانجیان لە ڕەخنە گرتن لە ئیرۆسێنتریزم ئەوە بووە، کە بیسەلمێنن، ئەوروپا چیتر ناوەندی کۆنترۆڵکردی جیهان، و دروستکەری مێژوو نیە و بەرەمهێنەری مەعریفەی مرۆیی نییە.[30]

ڕەخنەگرتنی پۆستکۆڵۆنیالەکان لە ئەدەبیاتی کۆلۆنیالیستی و پاشخانی مەعریفی ئیۆرسێنتریزم بەشێوەیەکی گشتی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. بیرمەندانی ڕەخنەگر هەوڵیانداوە کە کاریگەری کۆلۆنیالیزم و پرۆسەی ئیمپریالی بەسەرگەلانی داگیرکراودا شیبکەنەوە.[31] پۆستکۆڵۆنیالیستەکان هەوڵیانداوە لە پەیوەندی نێوان داگیرکار و داگیرکراودا تێبگەن لە دوای کۆتایهاتنی پرۆسەی داگیرکار و کۆتایهاتنی سەردەمی کۆلۆنیالی.[32] هەروەک دەردەکەوێت ئەوان ویستویانە تەحەدای فۆرمی هەژمونی کۆلۆنیالی بکەن و سروشتی ئەو فۆرمە زاڵە بگۆڕن کە بەرهەمی کۆلۆنیالیزمە.[33] ئامانجێکی تری پۆستکۆڵۆنیالیستەکان ڕەخنەگرتن بوو لە میرات و کەلتوری کۆلۆنیالیزم و هەژمونی سیاسی و سەربازی ڕۆژئاوا. ئەوان هەروەها ڕەخنەیان لە ڕاڤەی شوناس و ڕەگەزی دانیشتوانی ناوچەکانی تری جیهان گرتووە.[34]. (سایمۆن گەن) باوەری وایە کە پۆستکۆڵۆنیالیستەکان لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەوروپا چیتر ناوەندی کۆنترۆڵکردنی دوونیا نیە، تەحەدای تێگەیشتنی زاڵی ئیرۆسێنتریانەی جیهانیا کردووە.[35] بیرمەندانی پۆستکۆلۆنیای ڕۆژئاوا و هزرە سێنترالیستەکەیان بە ڕێگایەکی توندوتیژ دادەنێن بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان. بۆ نمونە لە دیدی (سەمیر ئەمیندا) پرۆژەیەکی داگیرکارانەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان.[36] بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەی پۆستکۆلۆنیالیستە ناودارەکان کە تەحەدای ئیرۆسێنتریزمیان دەکرد لە باکگراودێکی کەلتوری

---

٢٩ Bolaffi et al., Dictionary of the Race, p. ١٠٨.

٣٠ Gunn, History and Cultural, p. ١٦٠.

٣١ P. Childs and P. Williams, An Introduction to Post-Colonial Theory (London, ١٩٩٧), pp. ٢-٣.

٣٢ C. Hall, Cultures of Empire a reader, colonizer in Britain and the Empire in the nineteenth and twentieth centuries (Manchester, ٢٠٠٠), p. ٥.

٣٣ B. Bush, Imperialism and Postcolonialism (Harlow, ٢٠٠٦), p. ٥١.

٣٤ Gunn, History and Cultural, p. ١٥٩.

٣٥ Ibid., p. ١٦٠.

٣٦ Bolaffi et al., Dictionary of the Race, p. ١٠٩.

نا ئەوروپییەوە هاتوون، بۆ نمونە، (ئێدوار سەعید) خەڵکی فەلەستین بوو، فرانتز فانۆن خەڵکی مارتینیکۆ بوو لە ئەفریقیا.[٣٧] ئەمەش کاریگەری هەبووە لە سەر بیرکردنەوەی ئەوان شێوازی ڕەخنەگرتنیان لە ئیرۆسێنتریزم، بەجۆرێک وایکردووە بیروبۆچونەکەیان زۆر ڕادیکاڵتربێت، ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەبووە، کە ئەوان بە کەلتوور و مێژووی ناوچەکانی خۆیان و ڕۆژهەڵات ئاشنابوون. هاوکات لەرووی ئەکادیمییەوە پەروەردەی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکانی ڕۆژئاوابوون، ئەمەش تێگەیشتنی ئەوانی بۆ کەلتور و مێژوو و بیرکردنەوەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ئاسانتر کردبوو.

یەکێک لە و بیرمەندە پۆستکۆلۆنیالیستیانەی کە ڕەخنەی لە تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریزم گرتووە فرانتز فانۆنە، فانۆن کە خۆی بەرەگەز ئەورووپی نیە لە فەرەنسا خوێندویەتی و گەورەرە بووە. خۆی ڕەش پێشت بووە، زۆر باش درکی بەو جیاوازیە ڕەگەزەیە کردووە، کە سپی پێستەکان بەرامبە بە ڕەشپێستەکان کردویانە، بۆیە ئەو لە ڕوانگەی ڕەگەز و تێگەیشتنی ئەورووپیەکان بۆ ڕەگەزە جیاوازەکان و مێژووی گەلانی ئەفریقا ڕەخنە لە فکری ئیرۆسێنتریزم دەگرێت.

یەکێک لەو بابەتانەی کە بۆتە جێگەی ڕەخنەی (فرانتز فانۆن) بابەتی ڕەگەزە. هزری ئیرۆسێنتریزم لەسەر بنەمای دابەشکاریەکی توندی ڕەگەزی دامەزراوە، ئیرۆسێنتریستەکان کە نوێنەرایەتی پیاوی سپی ڕۆژئاوایی دەکەن، کۆمەڵگای مرۆڤایەتیان بەسەر خاوەن شارستانیەتی و ناشارستانیەت (بەربەری)دا دابەشکردووە.[٣٨] ئەم تێروانینانە لە لایەن فرانتز فانۆنەوە کراوەتە بابەتی توێژینەوە و سەرچاوەی ڕەخنەکانی ، لە تێروانینی فانۆندا جیاوازی ئابووی ئەوروپا لەگەل ڕۆژهەڵاتدا هۆکار بووە بۆ تێروانی زاڵی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە ڕۆژهەڵات و دواتریش زاڵبوونی هەستی خۆ بەگەورەدانان سپی پێستەکان و دواتریش پێناسە کردنی ڕەگەزەکانی تر بە بچوک و پلە نزم.[٣٩] ئابووری ڕۆژئاوا کە سەرچاوەی هێزەکەیەتی هۆکارێک بووە بۆ ئەم بیرکردنەوەیە، کە وایکردوە ئەورووپیەکان " ڕەنگکاڵەکان" ڕقیان لە مرۆڤە ڕەنگاو ڕەنگەکان بێت. فانۆن لە ڕەخنەکانیدا بە شێوازێکی سادە ڕەخنە لە شیوازی بیرکردنەوەی ئەوروپایەکان دەگرێت و پێی وایە کە هەڵەیەو هیچ بەهانەیەکی لۆژیکی هەڵناگرێت.[٤٠] هەروەک (لۆپێز) ئاماژەی پێدەکات، فانۆن لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی ڕاڤەی هەژموونگەرای ئەوروپا وەک ناوەندی جیهان، و نوسینەوەی مێژوو لە دیدی براوەدا، ڕەخنە لە ئیرۆسێنتریزم و تێگەیشتنی بۆ مێژوو دەگرێت.[٤١] فانۆن باوەری وابووە ئەو تێگەیشتنەی ئەورووپیەکان بۆ جیهانی دەرەوەی ئەوروپا هەیانبووە، کە گەلانی ڕۆژهەڵات بەگەلانی نامۆ بە مێژوو شارستانیەتی باسدەکا هۆکارەکەی ئەوەبووە، مێژوو لەلایەن سەرکەوتوەکانەوە نوسراوەتەوە کە ئەورووپیەکانن بۆیە ئەم جۆرە لە جیاوازی تێروانین دروست بووە بەرامبەر بە نا ئەورووپیەکان.[٤٢] فانۆن باوەری وایە کە کۆلۆنیالیزم تاکی داگیرکراوی ژێردەسەلاتی چەوساندۆتەوە، مێشکی شردۆتەوە، وایلێکردووە کە هەستبکەن داگیرکەرەکان "ڕۆژئاواییەکان" مرۆڤی لەوان زیرەکترن، باشترو بەتواناترن.[٤٣] لەبەرئەوە فانۆن ڕەخنەی لەم جیاکاریە ڕەگەزییە گرتووە، باوەری وایە کە ئەورووپیەکان ڕەشپێستەکانیان لە

٣٧ Gunn, History and Cultural, pp. ١٥٩-١٦١.

٣٨ Hall, Culture of Empire, p. ١٩.

٣٩ Lopes, ‘Re Reading Frantz Fanon’, p. ٥٦.

٤٠ F. Fanon, Black Skin, White Masks, trans. C. L. Markmann (London, ٢٠٠٨), p. ٨٩.

٤١ Lopes, ‘Re Reading Frantz Fanon’, p. ٥٦.

٤٢ Ibid., p. ٥٦.

٤٣ Ibid., p. ٥٦.

کەسایەتیان و کەرامەت و مرۆڤبوونیان دامالّیوە.[٤٤] لە تێڕوانین فانۆندا کۆلۆنیالیستەکان دانیشتوانێکیان لە ناوچە داگیرکراوەکان دروستکردووە، کە خاوەنی هیچنین، نە خاوەنی زمانن، نە خاوەنی کەلتورن، نە خاوەنی مێژوون، لە بەرئەوەی سەرجەمیان لە لایەن داگیرکەرەوە لە نێو براون. ئەمەش لە تێڕوانینی فانۆندا وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات، توانای تەحەدی و ڕەخنەگرتنی قورسکردووە، چونکە کۆلۆنیالیزم گەورترین کاریگەری بەسەر تێگەیشتن لە کۆمەڵگا داگیرکراوەکانەوە هەبووە، فانۆن خۆی ئاماژەی بەوە کردوە کە تەنانەت کاریگەری بەسەر خۆشییەوە هەبووە. بۆ نمونە لۆپێز ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە فانۆن زۆرباش ئاگاداری ئەوە بووە کە چۆن ئیرۆسێنتریزم لە ڕێگاری کەلتور و پەروەردەوە کاریگەری لەسەری هەبووە، هەر ئەمەش وایکردووە کە تەنانەت لەسەر بەشێک لە بیرکردنەوەکانی فانۆنیش کاریگەری دابنێت.[٤٥]

ئارگیۆمێنتەکانی فانۆن زۆربەیان لە دژی ستێریۆتایپی سپیپێستەکان بوون بەرامبەر بە ڕەشپێستەکان، و خوێندنەوەی ڕەشپێستەکان لە یەک گۆشەنیگاوە، بینینیان لە یەک ڕوانگەوە، فانۆن بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕەشپێستەکانیش هاوشێوەی سپیپێستەکان بەشدار بوون لە بەدیهێنانی چەندین داهێنان و بەشداربوون لە بەرهەمهێنای مەعریفەی مرۆیدا و چەندین کەسی بەناوبانگیان تێدا هەڵکەوتووە.[٤٦] واتا لە دیدی فانۆندا ئەفریقیەکانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان دروستکەری ئەو مێژووە بوون کە ئەوروپیەکان شانازی پێوەدەکەن و بەتەنها خۆیان بە خاوەنی دادەنێن. هەروەها فانۆن هەوڵدەدات کە لە ڕێگەری زانستەوە تەحەدای سپیپێستەکان بکات، ئاماژە بەوە دەکات کە زانست سەلماندویەتی هیچ جیاوازیەک لەنێوان ڕەشپێست و سپیپێستەکاندا نیە، هەروەها باوەری وایە سەرەرای ئەم ڕاستیەش بەڵام تائێستا تێڕوانینی سپیپێستەکان بۆ ڕەشپێستەکان گۆرانی بەسەردا نەهاتووە، "پیاوی سپی سەرسەخت و نەگۆر ماوەتەوە".[٤٧] فانۆن ئیدانەی تێگەیشتنی ئەوروپیەکان دەکات کە رۆژئاوا هەمیشە لەگەلیدا دەژیێت،و پشت بە دۆگمای پیاوی سپی دەبەستێت. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ڕەخنەکانی فانۆن لە تێگەیشتنی هەڵەو ستێریۆتایپی رۆژئاوایەکان ، ڕەخنە گرتن بووە لە و ئایدۆلۆژیەی باوەری بە جیاوازی ڕەگەزی نێوانی ڕەشپێست و سپیپێست هەیە، کە لە تێڕوانی فانۆندا نیشانەی شکستی ئیرۆسێنتریزمە.

فانۆن دێت ڕەخنە لە یەکێک لە گرنگترین ئەو بەهایانەی مێژووی ئەوروپا دەگریت، کە ئەوروپیەکان وەک یەکێک لە گرنگترین ڕەگەزەکانی شارستانی رۆژئاوا شانازی پێوەدەکەن، کە ئەویش هیومانیزمە. لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە هیومانیزمەوە دەیەوێت تەواو ئیرۆسێنتریزم و بنەماکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە، فانۆن گومانی لە هیومانیزم و ئامانجەکانی کردووە، هەرئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕەخنەی لێ بگرێت.[٤٨] ئەمەش وایکردووە کە فانۆن باوەری بە هیومانیزمی ئەوروپی نەبێت وەک سەرچاوەیەکی مەعریفە، باوەری وایە کە پرۆسەی ئیمپریالیزم رووی ڕاستەقینەی هیومانیزمی ئەوروپی دەرخست، کە ئەمەش وایکرد کە هیومانیزمی ئەوروپی جگە لە شەرمەزارییەک زیاتر نەبێت.[٤٩]

---

٤٤ Fanon, Black Skin, p. ٨٥.

٤٥ Lopes, ‘Re Reading Frantz Fanon’, pp. ٥٦-٥٧.

٤٦ Fanon, Black skin, p. ٨٨.

٤٧ Fanon, Black skin, pp. ٩٠-٩١.

٤٨ Lopes, ‘Re Reading Frantz Fanon’, p. ٥٦.

نەبێت.[٤٩] هەر ئەمە وایکردوە کە فانۆن داوای ئەوەدەکات دووبارە چەمکی هیومانیزم مانارێژبکرێتەوە، دووبارە پێناسەکردنەوەی ئەم چەمکە بە پێویست دەزانێت، تەنانەت ئەو لەوە زیاتریش دەڕوات و باوەری وایە کە مرۆڤایەتی پێویستی بە هیومانیزمێکی نوێیە.[٥٠] لە ڕاستیدا ئەوەی کە بۆ ئێمە ڕووندەبێتەوە ئەوەیە تەحەداکردنی فانۆن بۆ ئەوە بووە کە بە ئێمە بڵێت، ئەوەروپیەکان بە ئاراستەیەکی هەڵەدا هەنگاوینا هەڵێناوە، ئەمەش لە وتەی خۆیدا دەردەکەوێت کاتێک ئاماژە بەوەدەکات کە خوازیارە جیهان هۆشیار بکاتەوە ئەوە نیشانی پیاوی سپیدات کە ئەوان هەڵە بوون.[٥١] ئەوەی فانۆن خوازیار بووە بیڵێت ئەوەیە ڕەشپێستەکان جگە لە وەی خوازیارن مامەڵەیەکی مرۆڤانەیان لەگەڵ بکرێت هیچی تر داواناکەن لە بەرامبەر جیاوازی ڕەگەزی ئەوروپیەکان و بیروبۆچونە هەڵەکانیان بەرامبەریان، هەر لەبەرئەوەشە فانۆن دەڵێت: "من تەنها دەمەوێت مرۆڤبم، هێچ شتێکی تر نا تەنها مرۆڤ".[٥٢]

یەکێکی تر لە پۆستکۆلۆنیالیستەکان کە لێکۆڵینەوەی لەسەر تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریکی ئەوروپیەکان کردووە، (ئێدوارد سەعید)ە. (ئێدوارد سەعید) ڕۆژهەڵاتناسی کە بەشێکە لە تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریکی ڕۆژئاوایی کردووتە بابەتی ڕەخنەگرتنی لە ئیرۆسێنتریزم، لە ڕێگەی ڕۆژهەڵاتناسیەوە ڕەخنەی لە ئیرۆسێنتریزم گرتووە و تەحەدای ئەم هزرەی کردووە. ئێدوار سەعید لە ژێر کاریگەری نوسینەکانی فانۆندا و ئایدیای 'هێز' و بەرگری " سەبێلترێنیان"ی ئەنتۆنیۆ گرامسکی دابووە.[٥٣] هەروەها لە ڕێگەی بەکارهێنانی تیۆری هێز و مەعریفەوی مێشێل فۆکۆوە، ڕاڤەی ڕۆژهەڵاتناسی کردووە. ئارگومێنەتی ئێدوار سەعید پەیوەند بە دەسەڵاتەوە لەسەر ئەو بنەمایە بنیاد نراون کە ڕۆژئاوا مەعریفەی خۆی لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە کە کەرەستەیەکی مەعریفییە، بنیاد ناوە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی بەسەر ڕۆژهەڵاتەوە هەبووە.[٥٤] هەرلەبەر ئەمە ئێداور سەعید باوەری وایە کە ئیرۆسێنتریزم هێزی ڕۆژئاواییەکانە بەسەر ڕۆژهەڵاتدا. ئەم هێزەش بەکارتووە بۆ لە ناوبردنی و وێرانکردنی کەلتورەکانی تر، وەک ڕێبازێکی ڕۆژئاوا بۆ زاڵکردی هەژمونی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا.[٥٥] بۆ نمونە بۆش باوەری وایە کە تێڕوانینی سەعید بۆ ڕۆژهەڵاتناسی ئەوەیە کە مەعریفەیەکی ڕۆژئاواییە لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە، کە کارئاسانی بۆ ڕۆژئاوایەکان دەکات، یاخود کەرەستەی پێویستیان دەخاتە بەردەست بۆ کۆنترۆلکردن و سەپاندنی هەژمونی خۆیان بەسەر تەواوی جیهانی دەرەوەی ئەوروپا.[٥٦] ئێدوارد سەعید باوەری وایە کە سەرجەم بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵاتناسی دەق و نوسراوێکی سیستماتیکی دیسپلین بوون، بەشێک بوون لە بەرنامەیەکی ئیمپریالیستی ئەوروپیەکان، بۆ ئەوەی بتوانن مەعریفەی خۆیان و تێگەیشتنی خۆیان لەبارەی ڕۆژهەڵاتەوە بنیادبنێن لە ڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژی و سەربازییەوە، بە جۆرێک کە ڕێگایان بۆ خۆشبکات بتوانن کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵات بکەن.[٥٧] لێرەو ئێدوارد

٤٩ Gunn, History and Cultural, p. ١٦١.
٥٠ Lopes, ‘Re Reading Frantz Fanon’, p. ٥٦
٥١ Fanon, Black skin, p. ٨٩.
٥٢ Ibid., p. ٨٩.
٥٣ Bush, Imperialism, p. ٥١.
٥٤ Childs and Williams, An Introduction to Post-Colonial, pp. ٩٩-١٠٠.
٥٥ Lopes, ‘Re Reading Frantz Fanon’, p. ٥٥.
٥٦ Bush, Imperialism, p. ٥١.
٥٧ Gunn, History and cultural, p. ١٦٢.

سەعید ڕەخنە لە مەعریفەی ڕۆژهەڵاتناسی دەگرێت و باوەری وایە بەشێوەیکی گشتی مەعریفەیەکی نێگەتیڤە و بیرکردنەوەیەکی گشتگیرانەی ستێریۆتایپانە بووە لە ماوەی چەندین سەدەدا، بەبێ بوونی بەڵگەی دورست ئەم خوێندنەوەیە بۆ ڕۆژهەهڵاتکراوە.[٥٨] تێروانینی ئێدوارد سەعید بەرامبەر بە ڕۆژئاوا ئەوەیە کە ڕۆژئاوا لە ڕێگەی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە وەها بیری کردۆتەوە کە ڕۆژهەڵات توانا و لێهاتوی ئەوەی نیە کە نوێنەرایەتی خۆی بکات، بۆیە پێویستە نوێنەرایەتی بکرێت، بۆیە ڕۆژئاوا بۆتە نوێنەری ڕۆژهەڵات بەبێ ڕاوێژکردن بە ڕۆژهەڵات خۆی. بۆنمونە هەوەک (چیلدس و وڵیامز) ئاماژەیان پێکردووە: "ڕۆژئاوایەکان نوێنەرایەتی داگیرکراوەکانیان کردوە بەوەی لە بری ئەوان قسەیان کردووە".[٥٩] ئەوەی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئێدوارد سەعید هەوڵیداوە ئەوە بڵێت کە بەهۆی ئەوەی ئەوروپییەکان دەسەڵات و هێزیان هەبووە، و ڕۆژەڵاتیەکانیش لاواز و بێدەسەڵات بوون، نەیان توانیوە نوێنەورایەتی خۆیان بکەن. ڕۆژئاواییەکان نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵاتیان کردووە، بە جۆرێک کە گونجاو بێت بۆ ڕۆژئاوا، لە پاشان ئەوروپییەکان ئەو نوێنەورایەتی کردنەو و تەواوی ئەو مەعریفەیەی لەسەری بنیاد نراوە بە ڕاست و دروست داویانەتە قەڵەم.[٦٠]

بەم شێوەیە لە تێروانینی ئێدوارد سەعید دا ڕۆژهەڵاتناسی پرۆژەیەکی ڕۆژئاواییە کە پاڵپشت بەو هێزەی هەیان بووە، ئەم فۆرمە لە مەعریفەیان خوڵقاندووە، لە پاشاندا ئەوان بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە ئەوە مەعریفەیەکی ڕاستەقینەیە.[٦١] واتا ئەو تێراونینەی کە ڕۆژئاواییەکان بۆ مێژوو و شارستانیەت و ڕەگەزەکانی ڕۆژهەڵات هەیانبووە بەرئەنجامی هەژمونی سیاسی و سەربازی ئەوان بووە، ئاماژە بە ڕووی ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵات ناکات. لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە ئێدوارد سەعید ڕۆژهەڵاتناسی بەم جۆرە پێناسە دەکات:" شێوازێکی بیرکردنەوەی ڕۆژئاواییە، لە سەر بنەمای جیاکاری مەعریفی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دامەزراوە، هەروەوەها شێوازێکی ڕۆژئاواییە بۆ کۆنترۆلکردن و سەپاندنی دەسەڵات بەسەر ڕۆژهەڵاتدا".[٦٢] هەروەک (سایمۆن گەن) ئاماژەی بۆ دەکات ئیدوارد سەعید باوەریوایە کە ڕۆژهەڵاتناسی بریتیە لە مێژووی شێوازێکی نوێ لەوەی کە چۆن ڕۆژئاوا ڕۆژهەڵات دەخوێنێتەوە.[٦٣] هەروەوەها ئیدوارد سەعید ئاماژە بۆ ئەوە دەکات تێگەیشتنی ڕۆژئاواییەکان بۆ ڕۆژهەڵات بە درێژای چەندین سەدە هیچ گۆرانکاریەکی بەسەردا نەهاتووە، چەندە ڕۆژئاوا دەسەڵات و هێزی زیادی کردبێت، ئەوەندەش ڕۆژهەڵات کەوتۆتە ژێر دەستی ڕۆژئاواو بۆتە بەشێک لە هێزی سیاسی و هەژمونی ڕۆژئاوا.[٦٤] ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە ئەوروپیەکان نەیانویستووە لە ڕاستی ڕۆژهەڵات تێبگەن، هەروەوەها سەعید باوەری وایە تەحەدای ئەو بۆ ڕۆژهەڵاتناسی و کۆلۆنیالیزم تەحەدای ئەو بێدەنگییە بەرامبەر بەو ئایدیایانەی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا سەپێنرواون وەک کەرەستەیەک.[٦٥] لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئایدیا ئالۆزەکانی ئێدوارد

٥٨ Childs and Williams, An Introduction to Post-Colonial, p. ١٠٠.

٥٩ Childs and Williams, An Introduction to Post-Colonial, pp. ١٠٥-١٠٤.

٦٠ Ibid., p. ١٠٠.

٦١ Ibid., p. ٩٩.

٦٢ E. Said, Orientalism (London, ٢٠٠٣), pp. ٢-٣.

٦٣ Gunn, History and cultural, p. ١٦١.

٦٤ Childs and Williams, An Introduction to Post-Colonial, p. ١٠١.

٦٥ E. W. Said, 'Orientalism Reconsideration', in B. Moore-Gilbert, G. Stanton and W. Maley (eds), Postcolonial Criticism (London, ١٩٩٧), p. ١٣١.

سەعید لە بارەی ڕۆژهەڵاتناسی و تەحەدای ئەو بۆ ئیرۆسێنتریزم بریتیە لەوەی کە ڕۆژئاوا بە هەڵە ڕاڤەی ڕۆژهەڵاتی کردووە وەک کەرەستەیەکی مەعریفی، کە لە لایەن هێز و دەسەڵاتی ئەوروپاوە پاڵپشتی لێکراوە.

ئیرۆسێنتریزم هەروەها لەلایەن توێژەرانی پۆستکۆلۆنیالیستی گروپی لێکۆڵینەوەی سێبێلترێنیا، (The Subaltern Studies Group (SSG)) ڕەخنەی لێگیراوە، ئەوان لە بەرهەمەکانی خۆیاندا ڕەخنەیان لە ئیرۆسێنتریزم گرتووە، ئەوان پێچەوانەی فانۆن و سەعید لە ڕێگەی مێژووە وە وەک بابەتێکی لێکۆلینەوە ڕەخنە لە ئیرۆسێنتریزم دەگرن، ڕەخنەی ئەوان ئاراستەی ئەو مێژووە بوو کە لەلایەن مێژوونوسانی ئەوروپییەوە نوسراوەتەوە و ڕاڤەی ئیرۆسێنتریزمیانە تێیدا زاڵە، ئەوان توێژینەوەکانیان لە بارەی سەردەمی دوای داگیرکاری و دوای کۆلۆنیالیزمی باشوری ئاسیایە بەتایبەت هیندستان. ئامانجی توێژرانی (SSG) بریتیبووە لە ڕاستکردنەوەی مێژووی نوسراوی هیندستان کە لەسەر بنەمای زاڵکردنی بنەمای نوخبەیەکی کۆمەڵگاکانی باشوری ئاسیا لەلایەن سکوڵی کامبرێج بۆ مێژووی کۆلۆنیالیستی نوسرابۆوە.[٦٦] ئەوان ڕەخنەیان لە سکوڵی کامبرج دەگرت، وەک بەشێک لە تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریانە بۆ مێژوو. ئەوان لەژێر کاریگەری مێژوونوسانی مارکسی دابوون، هەروەها گروپی (مێژوو لە خوارەوە یان مێژووی خەڵک)[٦٧] کاریگەری لەسەر بیروباوەری ئەوان هەبوو بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی مێژووی هیندستان،[٦٨] توێژەرانی سەبێڵتەرێنیان هاوشێوەی ئیدوار سەعید (تیۆری هێز و مەعریفە)یان وەک ئارگومێنت بەکار هێناوە بۆ ڕەخنەکردنی کۆلۆنیالیزم و ئایدیای ئیرۆسێنتریزم.[٦٩] بۆ نمونە، مێژوونوسی هیندی (دیپێش چاکرابارتی Dipesh Chakrabarty) ڕەخنەی لە دیسیپلینی ئەکادیمی توێژەران و مێژوونوسانی ئەوروپی بۆ نوسینەوەی مێژوو دەگرێت، کە لەژێر کاریگەری هێزدا بەرهەم هاتوون، ئەمەش وایکردوە کە نێوەندە ئەکادیمیەکانیش نەیانتوانیووە خۆیان لە ڕەگەزەکانی تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریزم بۆ مێژوو دەرباز بکەن. چاکرابارتی هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی ڕۆژئاوادا، لە تیوۆریاکانی تایبەت بە مێژوو، مێژووی ئەوروپا ڕۆلی سەرەکی هەیە و خاوەن پێگەی گرنگە لە مێژوودا، پێگەی سەرەوەری وەرگرتووە، ئەمەش بووەتە بابەتێکی تیۆری بۆ مێژوونوسان، بۆ ڕاڤەکردنی مێژوو لە نێویشیاندا ڕاڤەی مێژووی چین و هیندستان.[٧٠] لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە هەستی خودباڵایی ئەوروپیەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێیان وایە ئەوروپا ناوەندی جوڵەنەر و دروستکەری مێژووە، هەرئەمەش وایکردووە چاکراباتی باوەریوابێت کە ئەم تێگەیشتنە هۆکاربووە بۆ ئەوەی لە تێروانینی

٦٦ Prakash,‘Subaltern Studies’, p. ١٢٢.

٦٧ مێژووی لە خوارە یان مێژووی خەڵک (History from below or People’s History)ئەم چەمکە ئاماژەیەکە بۆ ڕێبازێکی تازەی نوسینی مێژوو، کە جیاوازە لەو ڕێبازە تەقلیدی گرنگی بەسیاسەت و شەرەکان و سەرکردەکان دەدات، بەڵکو مێژوو لە چالاکیەکانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگاو گروپەکانی ناو کۆمەڵگاو ژیانی ڕۆژانەیان دەخوێنێتەوە و دەنوسێتەوە. دەرکەوتنی ئەم ڕێبازەی نوسینی مێژوو بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەرێتەوە، لەژێر کاریگەری مێژوونوسانی مارکسی دابوون. بۆ زانیارای زیاتر بروانە:

A.I. Port, ‘History from below, the history of Everyday Life, and Microhistory’, International Encyclopaedia of Social & Behavioural Sciences, ٢nd, vol. ١١, (Detroit, ٢٠١٥).

٦٨ Hall, Culture of Empire, p. ٢٤.

٦٩ Prakash, ‘Subaltern Studies’, p. ١٢٠.

٧٠ Ibid.`, p. ١٢٧.

مێژوونوسانی ڕۆژئاوادا بە بەراوورد بە مێژووی ئەوروپا مێژووی هیندستانیش مێژوویەکی لاوەکییبێت.[٧١]

هەروەک (پاراکاش) ئاماژەی بۆ دەکات، مێژوونوسانی ڕۆژئاوایی جۆرە بۆ چونونێکی تایبەتیان لە بارەی مێژووە هەیە، ئەوان باوەڕیان وایە کە پێویستە مێژوونوسانی ڕۆژهەڵات لە بۆچۆن و تیوریەکانی ئەوان ئاگاداربن، و پێویستە تێڕوانینەکانی ئەوانیان خوێندبێتەوە و بەرهەمەکانی ئەوانیان بینیبێت. بەڵام بە پێچەوانەوە لەسەر ئەوان پێویست نییە و گرنگیش نیە ئاگاداری بەرهەم و تێڕوانینی مێژوونوسانی ڕۆژهەڵاتبن، سەرەرای ئەوەی کە هەندێک لە مێژوونوسانی ڕۆژهەڵات چەندین بەرهەم و نوسراوی ناوازەیان بەرهەم هێناوە.[٧٢] چاکرابارتیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەژێر کاریگەر و هەژمونی ڕۆژئاوادا، تەنانەت مێژونوسانی ڕۆژهەڵاتیش خۆیان لەوباوەڕەدان کە پێویستە ئاگاداری بەرهەم و تیۆریەکانی ڕۆژئاوا ببن، بەڵام ئەم جۆرە هەستە لەلای مێژوونوسانی ڕۆژئاوا نابینرێت. هەرئەمەش وایکردووە کە (چاکرابارت)یش ڕەخنە کە لە تێڕوانینی مێژوونوسانی ئەوروپا بۆ مێژوو بگرێت، کە لە تێڕوانینی ئەودا تەواوی بۆ چونەکەیان لە سەر بنەمای لۆژیکێکی یەک لایەن هەڵچنراوە.[٧٣]

لەسەر ئەم بنەمایە سپیڤاکێش ڕەخنە لە ئیمپریالیزم و تێگەیشتنەکەی بۆ مێژوو دەگرێت، ئەو زیاتر کاری لەسەر ئیمپریالیزم وەک ڤێرژنێکی نوێی کۆلۆنیالیزم کردووە و جەختی لەسەرکردۆتەوە.[٧٤] (سپیڤاک) باوەری وابووە کە بەرهەمە مێژوویەکانی کۆلۆنیالیستەکان بەرهەمی حەقیقی نین، بەڵکو زیاتر پرۆسەیەکی بەرهەمهێنای مەعریفەیەکی پڕ توندوتیژییە. دیارترین نمونەی سپیڤاکیش ڕۆژهەڵاتناسییە، کە لە تێڕوانینی سپیڤاکدا ناتوانێت نوێنەرایەتی راستەقینەی ڕۆژهەڵاتبکات. کاتێکیش کە راڤەی مێژووی هیندستان دەکات، ڕەخنە لەو بەشەی مێژووی هیندستان دەگرێت کە لەلایەن ئیمریالیستەکان نوسراوە، بە مێژوویەکی دادەنێت کە لە دیدگایەکی ڕۆژئاواییانەوە نوسراوەتەوە، و تیایدا گریمانە ڕۆژئاواییەکان و هێزیان بەسەنتەری مێژووەکە دانراوە. لە تێڕوانینی سپیڤاکدا ئەوروپیەکان مێژووی هیندستانیان بە مێژوویەکی یەک ڕەنگ و یەک شێوە داوەتە قەڵەم.[٧٥] لەبەرئەوە (سپیڤاک) هەوڵدەدات کە دووبارە مێژووی جیهانی سێیەم بنوسێتەوە، وەک مێژوویەکی نوێ بۆ جیهانی سێیەم، بۆئەوەی نەک تەنها نیشانی ڕۆژئاوای بدات، بەڵکو نیشانی جیهان و هیندستانیشی بدات، کە جیهانی سێیەم چۆن خۆی پێناسەدەکات.[٧٦] واتا (سپیڤاک) دەخوازێت جارێکی تر مێژووی سەردەمی کۆلۆنیالیستی لە دیدێکی ڕۆژهەڵاتیەوە بنوسێتەوە، بە جۆرێک کە ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی کۆمەڵگابێت، دەرخەری ناخی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتییبێت و تیایدا نوێنەرایەتی کردنی ڕۆژهەڵاتیەکان بۆ خۆیان ڕەنگبداتەوە. هەروەها وەک ئەوەی کە دەردەکەوێت ئەو ڕەخنەی لە کۆڵۆنیالیزم گرتووە بەوەی کە ئەوروپیەکان نابەرپرسیارانە مامەڵەیان کرووە، بەتایبەتیش کە کە ئافرەتیان وەک کارەکتەرێکی مێژوو پەراوێزخستووە.[٧٧] پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بەشێکی تری ڕەخنەی

٧١ Prakash, 'Subaltern Studies', p. ١٢٧.

٧٢ Ibid., p. ١٢٨.

٧٣ Gunn, History and Culture, pp. ١٧١-٧٢.

٧٤ R. Young, White Mythologies, Writing History and the West (London, ١٩٩٠), p.١٥٨.

٧٥ Young, White Mythologies,p. ١٥٨.

٧٦ Young, White Mythologies, p. ١٥٩.

٧٧ Gunn, History and Culture, p. ١٧١.

توێژەرانی سێبێڵتەران و سپیڤاک ئەوەبووە، کە گروپەکانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگا لە مێژووی هیندستانی نوسراو لەلایەن کۆلۆنیالیستەکانەوە ونە.[٧٨] لەبەرئەوە پێویستی نوسینەوەی ئەو مێژووە دەبێتە شتێکی حەتمی بۆ دەرخستی ڕۆڵی ئەو گروپ و هێزانەی کە لە دەرئەنجامی نوسینەوەی مێژووی لەلایەن ئەوروپیەکانەو پشگوخراون.

**دەرئەنجام**

تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریانە بۆ مێژوو، بە توندی لەلایەن تیۆریستە پۆستکۆلۆنیالیستەکانەوە ڕەخنەکراوە و دژایەتی کراوە. ئایدیای (هێز) و (مەعریفە) یەکێک بووە لەو بابەت و تیۆریانەی کە لایەن زۆربەی بیرمەندانی پوست کۆلۆنیالییەوە بەکارهێنراوە، بۆ ڕاڤەکردنی تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریانە بۆ مێژوو. فانۆن ڕەگەز دەکاتە بنەما بۆ ڕەخنەگرتن لە تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریانەیەی ڕۆژئاواییەکان بۆ مێژووی ئەفریقیەکان. لە تێروانینی فانۆندا، هیومانیزمی پیاوی سپی پێویستی بە دووبارە ڕاڤەکردنەوە هەیە. بەڵام هەرچی ئێدوارد سەعیدە بۆ ڕەخنەکرد و ڕاڤەکردنی ئێرۆسێنتریزم ڕاڤەی ڕۆژهەلاتناسی دەکات وەک بەشێک لە مەعریفەی ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی ڕاڤەی ئیرۆسێنتریانە بکات بۆ مێژووی ڕۆژهەلات. ڕاڤە ئاڵۆزەکەی ئێدوارد سەعید بۆ ڕۆژهەلاتناسی ئەوەمان پێدەڵێت کە ڕۆژهەلاتناسی پرۆژەیەکی ڕۆژئاواییە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەلات. ئەو هەروەها باوەری وابوو، کە ڕۆژهەلاتناسی پرۆسەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەی ڕۆژئاوا لە بارەی ڕۆژهەلاتەوە. هەرچی توێژەرانی سەبێڵتەرێنیانە تارادەیەک تەحەدای ئەوان جیاواز بوو، لە بیرمەندانی تری پۆستکۆلۆنیال. ئەوان باوەریان وابوو کە تێگەیشتی کۆلۆنیالیانە بۆ مێژووی هیندستان بە شێوەیەکی گشتی مێژووی نوخبەیەک بووە، لەکاتێکدایە کە مێژووی بەشێک لە مێژووی  هیندستان وون و پەواوێز خراوە. ئایدیای پۆستکۆلۆنیاڵەیەکان بە شێوەیکی گشتی، بەشێکە لە پرۆسەیەکی بەرگری لە خۆکردن لە بەهەڵە وێناکردنیان، تروانییان لە دیدێکی ستێریۆتایپی، و ناعادیلانە و بێبەنەما و بەڵگەی لۆژیکی لەلایەن بیرمەندانی ڕۆژئاواوە. ئەمە هەموو لە چوارە چێوەی ئەو هەوڵەدا بوو کە پۆستکۆلۆنیایستەکان دەیانویست کە پەرە بە وێناکردنێکی باشتر بدەن بۆ جیهانی دەرەوەی ئەوروپا. ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، تێروانینی زۆربەی پۆست کۆلۆنیالیەکان لەم خاڵەدا هاوبەشە، کە ئەوروپیەکان هەمیشە پێویستیان بە ئەوی تر بووە بۆ پێناسەکردنی خۆیان،  بۆ دۆزینەوەی خۆیان، بۆ بنیاد نانی مەعریفەی خۆیان. ئەوەی جێگەی سەرنجە هزری پۆستۆلۆنیالیستەکان و ئایدیاکەیان و ڕەخنەکانیان لە تێگەیشتنی ئیرۆسێنتریانە بۆ مێژوو دەرگای بۆ گفتوگۆیەکەی بەرفراون و چروپر کردۆتەوە، لە چەندین ناوەندی ئەکادیمیدا.

٧٨ Ibid., p. ١٧٠.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی ئینگلیزی:

- کتێب و گۆڤارەکان:

Blant, M., The Colonizer's Model of the World, Geographical diffusionism and Eurocentric History. (New York, 1993), pp. 8-9.

Bolaffi, G., Bracalenti, R., Braham, P. and Gindro, S. (eds), Dictionary of the Race, Ethnicity and Culture (London, 2003).

Bush, B., Imperialism and postcolonialism (Harlow, 2006).

Chakrabarty, D., Habitations of Modernity, Essays in the Wake of Subaltern Studies, (Chicago, 2012).

Childs, P. and Williams, P., An Introduction to Post-Colonial Theory (London, 1997).

Fanon, F., Black skin White Mask, trans. C. L. Markmann (London, 2008).

Guha, R. and Spivak , G. C.(eds), Selected Subaltern Studies (New York, 1988).

Gunn, S., History and cultural theory (Harlow, 2006).

Hall, C., Cultures of Empire a reader, colonizer in Britain and the Empire in the nineteenth and twentieth centuries (Manchester, 2000).

Hardt, M., 'The eurocentrism of history', Postcolonial Studies, 4, no. 2 (2001), pp. 243-249.

Kanth, R. K., Against Eurocentrism: A Transcendent Critique of Modernist Science, Society, and Morals, (New York, 2005), p. 43.

Lopes, J. M., 'Re Reading Frantz Fanon, Language, Violence, and Eurocentrism in the Characterization of Our Time', the Sociology of Self Knowledge, V, Special Double Issue (2007), pp. 45-58.

Port, A.,I., 'History from below, the history of Everyday Life, and Microhistory', International Encyclopaedia of Social & Behavioural Sciences, 2nd, vol. 11, (Detroit, 2015).

Port, A.I., 'History from below, the history of Everyday Life, and Microhistory', International Encyclopaedia of Social & Behavioural Sciences, 2nd, vol. 11, (Detroit, 2015)

Prakash, G., 'Subaltern Studies as postcolonial criticism', in C. Hall (ed.), Culture of empire: Colonizers in Britain and the empire in the nineteenth and twentieth centuries, A reader (Manchester, 2000).

Said, E. W., 'Orientalism Reconsideration', in B. Moore-Gilbert, G. Stanton and W. Maley (eds), Postcolonial Criticism (London, 1997).

Said, E., Orientalism (London, 2003).

Titus, P., 'From Eurocentrism to Hybridity or from Singularity to Plurality', *Central Europe and The English-Speaking World* at Partium Christian University(2007) (www.theroundtable.ro)

Venn, C., The postcolonial Challenge: Toward Alternative World (London, 2006).

Young, R., White Mythologies, Writing History and the West (London, 1990).

- **سەچاوەکانی ئینەتەرنێت:**

Centrism http://www.thefreedictionary.com/centrism [accessed 1/10/2015]
Project Gutenberg Self-Publishing Press, Euro-Centric,
http://www.gutenberg.us/articles/Euro-centric [accessed on 1/10/2015]

**بە زمانی کوردی:**

جەیمس مۆریس بلاوت، مۆدێلی کۆلۆنیالیستی جیهانی، و. دلێر میرزا، دەزگای ڕۆشنبیر جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٤.

**بەزمانی عەرەبی:**

حسن حنفي، مقدمة في علم الإستغراب، دار الفنية للنشر و التوزيع، القاهرة،١٩٩١.



## الملخص

تعتبر التغيرات التي حدثت في أوروبا منذ القرن الخامس عشر فصاعدا بمثابة بداية الاكتشاف و التوسع الأوروبي للعالم، مما أدى بعد ذلك إلى عملية الاستعمار.حيث كان للاستعمار تأثير كبير على طريقة تفكير الأوروبيين و تفهمهم إلى بقية العالم. لقد كانت طريقة تفكيرهم التي تجعل أوروبا مركزا للتفكير في كل أجزاء العالم لاسيما الامور المتعلقة بالدين والعرق والثقافة والأدب والاقتصاد. قدمت هذه بنية ومفاهيم المعرفة والقيم التي كانت أيضا أساس الأخلاق الاوروپی التى لها معاييرعالمية. وهم ينظرون إلى العالم من خلال عدسة ثقافة و حضارة واحدة ، الذي كان مفهومهم للحضارة الأوروبية وسط العالم. وأدت هذه التفاهمات الطنانة الى ان الأوروبيون نظروا إلى أنفسهم على أنهم البيض، المسيحي، المتحضر، الرجولی، العقلاني، والكبار و المتطور. ومع ذلک، كان مفهومهم فيما يتعلق ببقية اجزاء العالم على العكس من ذلك، فمن وجهة نظرهم، فان الطرف الآخر هم سود أو ملونين، وثنيون، همج، نسويون، ويغلب عليهم الجانب العاطفي وهم غير منطقيون. ولذلک، فإن الاوروبيون قسموا العالم إلى قسمين: " الغرب والبقية." .

وانتقد فكرة المركزية الأوروبية كل من الماركسيين والقوميين، ولكن المشكلة التي كانت لديهم أن أفكارهم لم تكن خالية من عناصر الخطاب المركزية الأوروبية. وبالإضافة إلى ذلک، فان فی هذه المرحلة، بدأ بعض من البوستكولونياليين في انتقادهم و تحديهم لهذا الفهم الاوروبی للعالم والتاريخ. من اجل ذلک، انتقدت هذه الأفكار ألاوروبية بشكل منطقي من قبل منظري ما بعد الاستعمار. ان هذا البحث سوف يدرس أهداف البوستكولونياليين فی انتقادهم لفكر المركزية الاوروبية ، كما سيتم توضيح كيفية تحدى هؤلاء المنظرين الفهم ألاوروبي من حيث العرق والاستشراق ودراسات التابعة.

## Abstract

The changes which occurred in Europe from the Fifteenth Century onwards are regarded as a beginning of the European discovery of the world, and of the expansion which then led to the process of colonialism. Colonialism had a great impact on the European Eurocentric way of understanding with regard to the rest of the world. It was a way of thinking which involved making Europe the centre of thinking about those parts of the world outside Europe. This involved religion, ethnicity and race, culture, literature and economics. These provided a European structure and concepts of knowledge and values which were also the basis of universal morality. They view the world through the lens of a single culture and civilisation, by which their concept of European civilisation was the centre of the world. These pretentious understandings led Europeans to regard themselves as white, Christian, civilized, masculine, rational, adult and developed. However, their conception with regard to the rest of the world was the opposite. From their point of view, others were black or coloured, pagan, barbaric, feminine, over-emotional and irrational. Therefore, they divided the world into two parts ‘‘the west and the rest’’.

The idea of Eurocentrism was soon criticised by Marxists and nationalists, but the problem which they had was that their ideas were not free from elements of the Eurocentrism discourse. In addition, at this point, some of the postcolonialists began to criticise and even challenge this understanding of the world and of history. Therefore, these Eurocentric ideas have been strongly and logically criticized by postcolonial theorists. This essay will describe the postcolonial theorist’s aims and ideas, and will then illustrate how such theorists challenged Eurocentric understandings of history in terms of race, Orientalism and Subaltern Studies.